# مردن
# له هەموومان عاشقتره

خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (ساڵێک له نیگەرانی)ی بەرزان هەستیار

ڕێبین ئەحمەد خدر

هەردەم شیعر شتێک دەکات که ژیان پێشبینی نەکردووه بکرێت ، شیعر لادانه..،
گریانێکه  که زۆر جار ژێرکردنەوەکان به ساخته دەزانێت ، ژێرکردنەوه گەلێک

که فێڵ له ڕوانین دەکەن و ناهێڵن بفڕێت.هەر دەقێکی شیعریش جیاواز ڕەو

به خەیاڵدا دەڕوات و ئاگاهی و هەست دەخاته خزمەتی زمانی بنیاتنانی شیعرییەت
،ئەمەش پەیوەسته به قوڵبینی شاعیرو نیشانکردنی ئەو خاڵه

ئیستاتیکیانه یان شێوه ئەندازەییانەی ڕیشەکانی شیعر پتەوتردەکەن، جگه لەوه

فۆڕمیش تەریبی زمان و مانا له شیعردا دەدوێ و پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ
پێکهێنەرەکانی تردا ، ڕەنگه کاری یەکەمینی شیعر ئەوەبێت ململانێ

لەگەڵ خۆیدا بکات..چ له ڕوی زمان یان وێنه یان ستاتیکا ، چونکه  دەق

هەڵگری یان کۆکەرەوەی چەند دنیایەکه که خەیاڵ و ئاگاهی  به کۆمەکی

مۆسیقاو زمان و ڕوانین بەرهەمی دەهێنن.

شاعیر له شیعردا هەمیشه به دوای شوێنێکدا دەگەڕێت  پێشتر شوێن نەبووبێت،

به دوای کاتێکیشدا دەخولێتەوه جێگەی خاڵی بێت له کاتژمێری ئەوانیتر..

لێرەوە نامۆیی دەستپێدەکات و شاعیر دەبێتە پردێک یان شیعر دەکاتە پردێک

تا نامۆیی خۆی بگەیەنێتە جیهانی ئەوانیترو شتیش لە جیهانی ئەوانی دی

بێنێتە نێو نامۆبوونی خۆیەوە، بە چڕبوونەوەی ئەم حاڵەتەش ئەوەی

بەرزدەبێتەوەو فرەبینتر دەبێت شیعرە.

لێرەوە تیشک دەخەینە سەر کتێبی ((ساڵێک لە نیگەرانی)) بەرزان هەستیار،

ئەم کتێبە قەسیدەی ((سالێک لە نیگەرانی)) لە خۆ دەگرێت ، قەسیدەکە جگە لە ناونیشانەکەی زمانێکی نیگەران و ڕوانینێکی یەکجار نامۆیانەشی هەیە، ئەم

نامۆبوونە بۆ؟ قەسیدەکە وەڵامی زۆری پێیە ، کار لەسەر دابڕانی مرۆف دەکات،

دابڕانی مرۆف لەخودی خۆی بە هۆی هەموو ئەو فاکتەرانەی جیهان کە بە شێوەیەکی تر (خۆیەتی) دادەڕێژنەوە وا لە مرۆف دەکەن بە قاچەکانی خۆی

هەنگاو نەنێت ، جگە لەوە تەنهایی بەردەوام لە قەسیدەکەدا مۆسیقای خۆی لێدەدا و ئەم نیگەرانییە دووپات دەکاتەوە.شاعیر تەنها لە خاڵی بە شیعرکردنی

ژیان و تێکەڵکردنی بە مەرگ ناوەستێت بەڵکو دەیانکات بە خۆشەویستی یەکترو ڕەنگ و تامی یەکتر دەگرن .

مردن لە هەمووومان عاشقترە ،

ئەی ئەوە نییە چرکەیەک...چاو لە ژیان ناتروکێنێت !

جیا نەکردنەوەی ژیان لە مەرگ یان نزیکی مەرگ لە ژیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی عاشقی یەکتربن ..مرۆف لە قوڵایی بووندا هەم مردوویەک بێت و هەم

زیندوویەک..لە ژیاندا هەمیشە بیر لە تارمایی ترس و بیمی مەرگ بکاتەوەو

حەسرەت بۆ ئەوە بکێشێ دەبێت لە مردنیشدا بیرکردنەوە لە ژیان هەبێت ؟

نزیکبوونەوەی مەرگ لە ژیان دوورکەوتنەوەی هەموو ڕەگەزەکانی ژیانیشن لە ژیان ، هەر بۆیە شاعیر تووشی شەڕکردن لەگەڵ خۆی دەبێت و دەیەوێت لە خۆی دوورکەوێتەوە ،هەر شەڕکردنێکیش لەگەڵ خوددا پێشکەشکردنی بەشێکی زۆر لە جوانییە بە ژیان ، چونکە مرۆفی قوڵبین و بە ئاگا لەشەڕکردن لەگەڵ خودی خۆیدا دەگەڕێ بۆ ئەنجام ، مرۆفە شەڕانگێزو تێکدەرەکان شەڕ لەگەڵ خۆیاندا ناکەن بەڵکو لە کەسێکی تردا بۆ ئەنجام و دنیای خۆیان دەگەڕێن.

قەسیدەکە هەر تەنها کار لەسەر خاڵێک یان پەنجەرەیەک ناکات بەڵکو فرە ڕەهەند و فرە ڕو دەچێتە پێش و لە نێو نیگەرانیدا دونیایەک بەرهەم دێنێت بە هەموو ڕووەکانییەوە ، شاعیر ترس دەکات بە پردی پەڕینەوە بۆ عەشق و ئەو ژیانەش کە بۆنی مەرگی لێدێت بە هۆی عەشقەوە باوەشی پێدادەکات..

عەشق دەکات بە هۆکارێک بۆ دەرچوون لە نێو بازنەی مەرگ و ژیان.

تۆ لە کوێیییییت ؟

بۆ نایەیت ژیان ڕووت ..ڕووت کەینەوە

بۆ ئەوەی بە پۆشناخی خۆی نە نازێ

شاعیر داوای ڕوتکردنەوەو داماڵینی ژیان دەکات لەو هەموو دەمامک و دا پۆشین و پڕکردنەوەو ئاڵۆزکردنانەی کە نیگەرانییان کردووە ، بێگومان ڕوتکردنەوەی

ژیانیش تەنها بە عەشق دەکرێت..عەشق دەتوانێت ترس لەسەر ڕۆحی ئینسانەکان نەهێڵێت و تەنها عاشقە دەتوانێت زەمینی ئەوانیتر جێبهێڵێت.

ئەوەی قەسیدەکە بەردەوام دەیکات دروستکردنەوەی دووبارەی هەموو شتێکە و

دووبارە پێناسەکردنەوەیە بۆ چەمکەکان ئەوەش هەمدیس دەقەکەی جوانترکردووە.. لە نێو ڕوخاندنی جیهانێک جیهانێکیتر بنیاتدەنێت.

لە ڕێگەی دووبارە دروستکردنەوە ڕووبەڕووی مەرگ و ترس و تەنهایی دەبێتەوە.ئەو دڵەڕاوکێ و گومان و پرسیارکردنە بەردەوام دەبێت تا سنووری

خۆ ونکردن و نامۆبوون بە نامۆبوونیش.

نامەوێت کەسێک بە ئاگام بێنێت،

ئەم وشکە خەونە ،زۆر خۆشە،ئەم وێڵبوونە زۆر بەتامە،زۆرررر!!!.

قەسیدەی ((ساڵێک لە نیگەرانی)) بە هەموو ڕووەکانییەوە دەیەوێت جیهانێکیتر

نیشانبدات و ڕوانین قوڵتر بکاتەوە بۆ بینینی چەندەها شتی تر کە پێویستە ببینرێن و درک بکرێن بۆ ئاشکراکردنی دونیای ئاڵۆزو پڕ لە سامناکی سامناکییەک کە ژیان لە جەوهەر و روحی خۆی دوور دەخاتەوەو دەمامکداری

دەکاو خاڵی دەکاتەوە لە عەشق و دەیەوێت جێگای جیهانێک لە نێو ئەم ئاڵۆزییە جێبکاتەوە پڕپڕ لە جوانی و عەشق هەر ئەمەشە ئەم نامۆبوونەی

دروستکردووە.ئەم نامۆبوون و نیگەرانییەش پەرە بە دۆزینەوەی خۆیان دەدەن

تا ماڵێکی تر دروستکەن، ماڵێکی جیا.

((ساڵێک لە نێگەرانی))بەردەوام لەنێو پرسیارو گومانکردندا دەخولێتەوەو

لەودیو پەنهانییەوە جوانی و عەشق دەکاتە ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی بە دوایاندا دەگەڕێت، هەر چەند گەڕان بێزاریش بەرهەم بێنێت ئەو لەسەر ڕاڕایی و گومانکردنی خۆی بەردەوامە..شاعیر زۆر دوور کەوتۆتەوە تا لە ڕێگەی شیعرەوە بڕوانێتە ناخ و ڕوحی خۆیشی هەر وەک چۆن لە شتگەلی تر دەڕوانێت، دواجار دەیەوێت لە ڕێگەی ناسینی مردن و ژیان و ئەوانی دی بزانێ خۆی کێیە یان ناسینی خۆی بکاتە پردێک تا لەم چەمکانە تێبگات؟

ئەم خولانەوە پڕ لە نیگەرانییە بەردەوامە.

دوو دڵی فێری ئەوەی کردم

بەردەوام بە یەقینەوە خۆشەویستی بکەم!!

سەرچاوە:

قەسیدەی ساڵێک لە نیگەرانی .بەرزان هەستیار.چاپخانە:دەزگای ئاراس.2008